# ڕۆڵی ئافرەتانی پەرلەمانتار لە تاوتوێکردنی بابەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان 1992 - 2009

تاڤگە حەمکۆ عبدالله[1] پ.ی.د. فەرەیدون عەبدولڕەحیم عەبدوڵڵا[2]

[1]بەشی ڕاگەیاندن، پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، کوردستان، عێراق

[2]بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مێژووییە سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەتانی پەرلەمانتار لە دانیشتنەکانی تایبەت بە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە پەرلەمانی کوردستان لە هەردوو خولی یەکەم 1999 - 2005 و خولی دووەم 2005 – 2009ی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا، چونکە ئەزمونی پەرلەمانی ئەزمونێکی نوێ بووە لە کوردستان و بۆ ئێمەش گرنگە لەم ئەزمونە نوێیەدا ڕۆڵی ئافرەتان هەڵبسەنگێنین و بزانین تا چ ئاستێک بەشدار بوونە لەو پرۆسە نوێیە.

لەم توێژینەوەیەدا چەندین گفتوگۆ و پێداگری و ڕا و سەرنج و پرۆژە یاسای ئافرەتانی پەرلەمانتارانمان خستۆتە بەر دید و تێبینی و شیکردنەوەی خۆشمان هەبووە بۆ هەر دانیشتن و پرۆژە یاسایەک. ئەوەی تێبینی دەکرێ لە هەندێ بابەتی گرنگدا ئافرەتانی پەرلەمانتار ڕۆڵ و کاریگەری زۆریان هەبووە و بەتوندی هاتوونەتە ناو گفتوگۆکان، بەڵام لە هەندێ حاڵەتیشدا ئافرەتانی پەرلەمانتار بەشداری گفتوگۆکانیان نەکردوە و بێدەنگیان هەڵبژاردوە. کۆی ئەم بەشداری و گفتوگۆ و پرۆژە یاسایانە لە هەردوو خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا دواتر کاریگەری خۆیان هەبووە لەسەر بڕیارەکان و یاساکان و لەناو کۆمەڵگەشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە.

**کلیلی وشەکان:** ئافرەت، پەرلەمان، پەرلەمانتار، ئابووری، کۆمەڵایەتی

## پێشەکی

هەردوو بابەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی دوو لایەنی سەرەکی ژیانی کۆمەڵگەن، بۆیە لە هەر بارودۆخێکدا تێبینی دەخرێتە سەر ئەم دوو لایەنە شانبەشانی لایەنەکانی تری ژیان، چونکە کۆڵەگەکانی دامەزران و مانەوەی کۆمەڵگە چەند دانەیەکن، گرنگترینییان هەردوو لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتین.

ئەم توێژینەوە (ڕۆڵی ئافرەتانی پەرلەمانتار لەتاوتوێکردنی بابەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان کوردستان 1992 - 2009)، توێژینەوەیەکە سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەتانی پەرلەمانتار لە هەردوو خولی یەکەم و دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە گفتوگۆ و خستنەڕووی ڕا و سەرنجەکانیان و ڕۆڵیان لە بڕیار و پرۆژە یاساکانی تایبەت بە بابەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا.

ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی پشکنینی مێژوویی دەبەستێ بۆ گەیشتن بە ئامانج، کە دیاریکردنی ڕۆڵی ئافرەتە، بۆ ئەمەش پشت بە پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمان و یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان کە بە نووسراو بەردەستن دەبەستێت، لەگەڵ دیدار و چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمانە ئافرەتەکانی ئەوکات 1992 – 2009.

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 20 مارس 2022؛ قُبل في 26 ابریل 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 12 أبریل 2023
البرید الإلكتروني للمؤلف: tavgatavga116@gmail.com
حقوق الطبع والنشر © 2023 تافگة، د. فریدون. هذه مقالة الوصول الیها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبیة - CC BY-NC-ND 4.0

ئەم توێژینەوەیە لە چوار تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە ڕۆڵی ئافرەتانی پەرلەمانتار لە تاوتوێکردنی بابەتە ئابوورییەکان دەکەین لەخولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەماندا 1992- 2005، کە چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکیان هەبووە لەم لایەنەوە، تا چەند بەشداری گفتوگۆی دانیشتنەکانی پەرلەمانیان کردوە، هەروەها پێداگرییان لەسەر بڕیار و پرۆژە یاساکان دەخەینە بەر دید. لە تەوەرەی دووەمدا باس لە ڕۆڵی ئافرەتانی پەرلەمانتار دەکەین لە تاوتوێکردنی بابەتە ئابوورییەکان لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەماندا 2005 - 2009، ئایا تا چەند ڕۆڵیان هەبووە لە پرۆژە و بڕیار و ڕاسپاردەکان، هەروەها پێشنیار و ڕا و سەرنجیان چی بووە لەم چوارچێوەیەدا، لە تەوەرەی سێیەمدا باس لە ڕۆڵی ئافرەتانی پەرلەمانتار لە تاوتوێکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین، لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەماندا 1992 – 2005، لەبەرئەوەی ئافرەت خۆی بونەوەرێکی گرنگی کۆمەڵایەتییە، ڕۆڵ و گرنگی هەبوونیان و گفتوگۆ و ڕا و سەرنج و تێبینییەکانیان دەخەینە بەر دید، هەرچی تەوەرەی چوارەمە ئەوا تیایدا ڕۆڵ و کاریگەری و پێشنیار و ڕاسپاردە و گفتوگۆ و سەرنجەکانی ئافرەتانی پەرلەمانتار لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا دەخەینە ڕوو سەبارەت بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بێگومان لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی خۆشمان دەبێت، سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەتانی پەرلەمانتار لە دانیشتن و کۆبوونەوە و لێژنەکانی پەرلەمان.

بۆ ئەم توێژینەوەیە ژمارەیەک سەرچاوەی جۆراوجۆرمان بەکارهێناوە، لەهەمووان گرنگتر پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانە، کە تیایدا وتە و گفتوگۆی پەرلەمانتاران تۆمار کراوە، هەروەها دیدار و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ژمارەیەک لەو ئافرەتە پەرلەمانتارانەی کە لە ژیاندا ماون سازکردووە، هەروەها پشتمان بەستووە بە ژمارەیەک لە گۆڤارەکان، لە پاڵ ژمارەیەک کتێب، گرنگترینیشیان کتێبەکەی مەهاباد قەرەداغیە، بە ناونیشانی (ئافرەتیزم مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسانی لە باشووری کوردستان 1918 - 2018)، سەرەڕای ئەوە، ژمارەیەک بەڵگەنامەی پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان سەرچاوەی گرنگ و بایەخداری ئەم توێژینەوەن.

## تەوەرەی یەکەم / ڕۆڵی ئافرەتانی پەرلەمانتار لە تاوتوێکردنی بابەتە ئابوورییەکان لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەماندا 1991 - 2005

لە دوای یەکەمین هەڵبژاردنی ئازادانەی پەرلەمانی کوردستان لە 19ی مایسی 1992 و پاشانیش پێکهێنانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لەو ساڵەدا حکومەتی عێراق لە هەوڵەکانی بۆ ڕوخانی ئەم ئەزموونە نوێیە و بنکۆڵ کردنی سیستەمی فەرمانڕەوایەتی هەرێم بەردەوام بوو، سەرباری ئابلوقەی ئابووری نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر عێراقەوە بەهۆی جەنگی دووەمی کەنداو، حکومەتی عێراق ئابلوقەیەکی توندتری ئابووری لەسەر هەرێم دانا، ئەو ئاڵۆزیە سیاسیانەی لەناوخۆی کوردستانیش هاتنە پێشەوە بارودۆخەکەی قورستر کرد (عەلائەددین، 2013، ل 71).

پەرلەمانی کوردستان بە هاوکاری لێژنەی دارایی، لە 20ی حوزەیرانی 1992 تاوتوێی ئەو ئاریشە و گرفتانەی کرد، کە لە هەرێمدا بوونیان هەبوو، گرنگترینی ئەو گرفتانەش، کە لە دوای ڕاپەڕین ڕووبەڕووی کوردستان بووەوە بریتی بوون لە :-

بڕینی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان.

کەم بوونی دراو، ئەمەش بەهۆی نەهاتنی دراو لە بەغداوە بۆ بانک و خەزێنەکانی کوردستان.

کەمی ناردنی ئازوقە و سووتەمەنی لەلایەن ڕژێمی بەغداوە.

مەترسی کەمبوونەوەی دانەوێڵە لەکوردستان و ناردنە دەرەوەی بەشێوەی قاچاغ لەپێناو قازانجی زیاتر.

دیارنەمانی زۆربەی دەرامەتە گومرگییەکان، بەهۆی فرەدەسەڵاتی و کۆنترۆڵ نەکردنی خاڵەکانی سەر سنوور.

وەستانی زۆربەی کارگەکانی هەرێمی کوردستان، بەهۆی نەبوونی کەرەستەی خاو و سووتەمەنی پێویست، کە ئەمەش داهاتی سەرەکی بوو لە دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی هاوڵاتیان (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی1، 1992، ل 223).

لەم دانیشتنەدا هۆکار و چارەسەری ئەم کێشانە خرانە ڕوو (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی1، 1992، ل ل 222 – 229).

سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەتانی پەرلەمانتار لەم دانیشتنەدا، تەنها هێرۆ برایم ئەحمەد لەفراکسیۆنی سەوز پێشنیاری ئەوەیکرد، لەڕێگەی پەرلەمانەوە داوا لە ڕێکخراو و کۆمەڵەکان بکرێت، کە پرۆژەی بەرهەمهێنان لەکوردستان دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی سوودێک بە لایەنە ئابوورییەکەی کوردستان بگەیەنن و هەلی کار بۆ گەنجان بڕەخسێنن و کێشەی بێکاریی کەم بکەنەوە (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 1، 1992، ل 233). ئەگەرچی لەم دانیشتنەدا لێژنەی دارایی ئاماژەی بەکێشە ئابوورییەکان کرد و پلانێکی دەست بەجێ خرایە ڕوو، بەڵام ئافرەتانی پەرلەمانتار هیچ ڕۆڵێکیان لەم دانیشتنەدا نەگێڕا.

هەروەها پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی 29ی ئابی 1992دا، بەرنامەی کاری تەرخانکرد بۆ بەرچاو خستنی ڕاپۆرتی لێژنەی کاروباری دارایی و ئابووری دەربارەی کێشەی وەکیلەکانی کەلوپەلی خواردەمەنی لە کەلار و سلێمانی (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 3، 1992، ل 107). بە مەبەستی پشکنین لە کێشەی ئارد و کەلوپەلی خواردەمەنی، لێژنەیەک لە بەرواری 26ی ئابی 1992 پێکهێنرا، شەفیقە فەقێ لەفراکسیۆنی زەرد وەک ئەندامێکی ئەم لێژنەیە بەشداری کار و چالاکیەکانی ئەم لێژنەیەی کرد (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 3، 1992، ل 123).

لەم بارەیەوە شەفیقە فەقێ دەڵێ: کاتێک وەک ئەندامی لێژنەی دارایی ڕووم لە گەرمیان کرد، لەکاتی چوونمدا بە ڕێککەوت چاوم بە پیاوێک کەوت، خەریکی کۆکردنەوەی پارە بوو بۆ کۆمەڵێک خێزانی هەژار لەناوچەی باوەنوور، لێی نزیک بوومەوە و داوام لێکرد لەگەڵی بچمە ئەو ماڵانەی کە هاوکاریان بۆ کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە چاوم بەو خێزانانە بکەوێت، دوای سەردانیکردنیان بینیم دۆخەکە زۆر ئاڵۆزە، ڕووم لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و چاوم بە بەرپرسی بارەگاکە کەوت، لەگەڵیدا بارودۆخی ئەو خەڵکەم بۆ خستەڕوو، ئەویش گوێی بۆ گرتم و لەسەر داواکاری من دوای لیستی پسولەی خۆراکی ئەو گەڕەکەی کرد و کاتژمێر چوار و نیوی بەیانی ئەو کۆمەکە خێرخوازییەی گەیاندە شوێنی مەبەست. دوای گەڕانەوەشی ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی پێشکەش بە پەرلەمان کرا و خاڵە لاوازەکان خرانە

ڕوو (پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 3، 1992، ل 125)، دواتریش لەلایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە دەستخۆشی لێکرا بەهۆی ئەو دڵسۆزییە و ئەو چالاكییانەی ئەنجامیداوە (دیدار لەگەڵ شەفیقە فەقێ، 2021/6/7).

شایانی باسە، دوای گەڕانەوەی لێژنەی دارایی و ئابووری بۆ پەرلەمان وە گفتوگۆكردن لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی كەوا ئامادەیان كردبوو، هیچ یەكێك لە ئافرەتە پەرلەمانتارەكان بەشداری گفتوگۆكانی ئەو دانیشتنەیان نەكردووە.

بە مەبەستی چاككردنی بار و گوزەرانی خەڵک، پەرلەمانی كوردستان لە 16ی كانونی یەكەمی 1992 بەرنامەی كاری تەرخانكرد بۆ چۆنیەتی دابەشكردنی گەنم و دانانی ڕێگەچارەیەكی گونجاو (پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 5، 1996، ل 121)، سەرباری ئەم بابەتە گرنگانەش پەرلەمانی كوردستان كێشەی بریكارەكانی ئارد و كەلوپەلی خۆراكی و كێشەی كارەبای خستە ڕوو (كوردستانی نوێ، ژ 2482، 1992/12/17)، لەو دانیشتنەدا دیسان ئافرەتانی پەرلەمانتار هیچ قسەیەكیان نەكردوە و بەشداری گفتوگۆكانیان نەكردوە (بڕوانە پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 5، 1996، ل ل 121 - 145).

هەروەها لە 27ی حوزەیرانی 1993دا پەرلەمانی كوردستان بۆ ئاگادار بوون لە بارودۆخی گوزەرانی خەڵكی نێو ئۆردوگاكانی سنووری پارێزگای هەولێر، بە مەبەستی دانانی ڕێگەچارەیەكی گونجاو و خستە بەرنامەی كار بۆ گفتوگۆكردن لەسەر ژیانیان، بەڵام لێرەشدا ئافرەتانی پەرلەمانتار هیچ قسەیەكیان نەكردوە (پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 8، 1998، ل ل 305 – 320).

بەهۆی ئەو ئابڵوقە ئابوورییە سەختەی كەوا بەسەر كوردستاندا سەپێنرا بوو، پەرلەمانی كوردستان لە 30ی تەمموزی 1994 دووبارە بەرنامەی كاری تەرخانكرد بۆ گفتوگۆكردن لەسەر باری ئابووری هەرێمی كوردستان (پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 11، 1998، ل 497)، لەو دانیشتنەدا بە ئامادەبوونی سەرۆک وەزیران (كۆسرەت ڕەسول) سەرەتا باسی داهاتەكانی حكومەتی كرد و گوتی: لەدوای كابینەی دووەم داهات (10) ئەوەندە زیادیكردوە بەراورد بە سەرجەم ئەو داهاتانەی كە لە كابینەی یەكەم بەدەست دەكەوت، گومرگەكان تا ڕادەیەک پارێزراون و هەوڵ دەدەین بۆ بەگەڕخستنەوەی كارگەكان و پڕۆژەی خەڵوزی بەردین و پڕۆژەی گەیاندنی كارەبای دەربەندیخان بۆ سلێمانی و گەیاندنی كارەبای دوكان بۆ دهۆک و زیادكردنی موچەی فەرمانبەران، هەروەها ئاماژەی بە پڕۆژەی دەرهێنانی نەوت كرد، كە 10 بۆ 12 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانكراوە و ڕۆژانە 20 هەزار بەرمیل نەوت دەردەهێنێ و لە سەدا 80ی پێداویستییەكان دابین دەكات، بەڵام شەڕی ناوخۆ زۆربەی كارەكانی حكومەتی پەكخستوە و هیچ داهاتێک لە گومرگی ئیبراهیم خەلیل و گومرگی شەقڵاوە و سلێمانی ناگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حكومەت، بە چاككردنی بارودۆخەكە خەڵكی كوردستان دەتوانن سوودی لێوەربگرن و تاڕادەیەكیش كێشە ئابوورییەكان چارەسەر دەبن (كوردستانی نوێ، 745، 1994/7/31)، شایانی باسە شەڕی ناوخۆ، كە لە ساڵی 1994 دەستیپێكرد تاوەكو ساڵی 1998 درێژەی كێشا (ڕەشید، 2020، ل ل 350 – 486)، ئەم شەڕە كاریگەرییەكی زۆری كردە سەر گشت بارودۆخەكانی باشوری كوردستان بەجۆرێک تائێستاش شوێنەوار و كاریگەری ئەم شەڕە ناوخۆییە لەنێو كۆمەڵگەی كوردی ڕەنگدانەوەی هەیە (كریس كۆچێرا، 2009، ل 246).

هەر لە دانیشتنی ڕۆژی 30ی تەمووزی 1994دا باس لە خراپی باری ئابووری و ژیانی خەڵک كرا، كەوا لە ماوەی چوار ساڵی حوكمڕانیدا دەكرا كارێک بكرابا دۆخەكە بەو شلۆقیە نەمێنێ، لەكاتێكدا كەوا وڵات لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی كشتوكاڵ و پیشەسازی، لەم ڕووەوە دەكرا سودێكی باش وەربگرێت (پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 11، 1998، ل 499 - 450)، لەو دانیشتنەدا شەفیقە فەقێ پرسیاری ئاڕاستەی سەرۆكی حكومەت كرد و گوتی: لەكاتێكدا كەوا ئێمە ئابڵوقەی ئابووری قورسمان لەسەرە و لە هەمان كاتدا ساڵ بە ساڵ ڕێژەی فەرمانبەران زیاد دەكات، ئایا پێویست نیە دامەزراندن ڕابگیرێت؟ ئەوانەشی داوای مۆڵەتی بێ مووچە دەكەن پێیانبدەین، ئەو پارەیەی كەوا دەگەڕێتەوە بدەین بەوانەی كەوا لەكاردان و موچەیەكی دروستیان پێشكەش بكەین (پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 11، 1994، ل 511)، جیا لە شەفیقە فەقێ، هیچ یەكێک لە ئافرەتانی دیكەی پەرلەمانتار بەشداری گفتوگۆكانی ئەم دانیشتنەیان نەكردووە.

هەر لە ساڵی 1994 دووبارە پەرلەمانی كوردستان لە 8ی ئەیلولدا، گفتوگۆكردن لەسەر باری ئابووری و هەنگاوەكانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ دامەزراندنی كۆمپانیای هەرێم، كردە بەرنامەی كاری دانیشتنی، لەم دانیشتنەدا وەزیری دارایی و ئابووری (شێخ دارۆ شێخ نوری) ئامادە بوو، ئاماژەی بە هەنگاوەكانی وەزارەتەكەیدا سەبارەت بە كۆمپانیای هەرێم (كوردستانی نوێ، ژ780، 1994/9/9)، دواتر ڕاپۆرتی لێژنەی هەماهەنگ خوێندرایەوە و لەلایەن پەرلەمانتارانەوە گفتوگۆی لەسەر كرا (پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 12، 1998، ل 69)، لە دانیشتنەكەدا ئافرەتانی پەرلەمانتار هیچ قسەیەكیان تێدا نەكرد (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 12، 1992، ل ل 77 – 104). لەم ڕووەشەوە ئافرەتان ڕۆڵیان لاواز دەردەكەوێت و نەیانتوانیوە لەدانیشتنەكاندا چالاكییان هەبێت و پەیامیان بگەیەنن.

سەرەڕای خراپی باری ئابووری هەرێمی كوردستان، كەچی پەرلەمان لەوە زیاتر بابەتی ئابووری نەكردۆتە بەرنامەی كاری دانیشتنەكانی، تا لە 29ی كانونی دووەمی 2003 جارێكی دیكە پەرلەمانی كوردستان بابەتە ئابورییەكانی خستە بەرنامەی كاری خۆی و دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی كوردستان، ئافرەتان هیچ ڕا و سەرنجێكیان نەبووە، (پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 32، 2004، ل ل 105 – 157). دوای ئەم دانیشتنە تا كۆتایی هاتنی خولی یەكەمی پەرلەمان (1992 – 2005) باسكردنی بابەتە ئابوورییەكان نەچۆتە چوارچێوەی بەرنامەی كاری دانیشتنەكانی پەرلەمان، (بەهجەت، 2019، ل ل 115 - 119).

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبكەین سەبارەت بە گفتوگۆكردن لەسەر بابەتە ئابوورییەكان لە خولی یەكەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا 1992 – 2005، لەكۆی 9 ئافرەتی پەرلەمانتاردا تەنها 2 ئافرەت (واتا 22.22%ی ئافرەتانی پەرلەمانتار) بەشداری گفتوگۆكانی دانیشتنەكانی پەرلەمانیان كردوە، ئەوانیش شەفیقە فەقێ لە فراكسیۆنی زەرد و هێرۆ برایم ئەحمەد لە فراكسیۆنی سەوز بوون، ئەوەش بەشداریەكی كەمە بەراورد بە ڕێژەی ئافرەتان لە پەرلەمان.

## تەوەرەی دووەم / ڕۆڵی ئافرەتانی پەرلەمانتار لە تاوتوێكردنی بابەتە ئابوورییەكان لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەماندا 2005 - 2009

لەخولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان (2005 – 2009)یشدا، لێژنەی دارایی و

ئابووری کە لە 16ی حوزەیرانی 2005دا دەستبەکاربوون دوو ئافرەت وەک ئەندام تێیدا بەشداربوونە بەناوەکانی چرۆ عەلی و پەخشان زەنگەنە (کار و چالاکییەکانی لێژنەکانی پەرلەمانی کوردستان، 2011، ل 454)، ئەو لێژنەیە لەماوەی 4 ساڵدا 22 کۆبوونەوەی سازداوە و بەشداری 7 کۆڕ و کۆنفرانسی کردوە و نزیکەی 25 چالاکی ئەنجامداوە و 2 پرۆژە یاساشی پێشکەشکردوە (کاروچالاکیەکانی لێژنەکانی پەرلەمانی کوردستان، 2011، ل ل 453 - 472).

بە مەبەستی تاوتوێکردنی کێشە ئابوورییەکان لەم خولەدا، 16ی نیسانی ئ2007ێ بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان بریتی بوو لە هەمواركردنەوەی یاسای کرێی خانوبەرە ژمارە 87 لەساڵی 1979، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ئامادەکرابوو، هەروەها خستنەڕووی گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەمواركردنی یاسای کۆژانەوەی جیاکاری زەوی لە سنووری شارەوانییەکان ژمارە 3ی سالی 1998 (پرۆتۆکۆلەکان، بەرگی 39، 2007، ل 579)، دوای خوێندنەوەی یاساکە، کە کۆمەڵێک خاڵی گرنگی لەخۆگرتبوو لەلایەن پەرلەمانتارانەوە گفتوگۆی لەسەرکرا، سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەتان لەم پرۆژە یاسایەدا، سۆزان شەهاب لە فراکسیۆنی سەوز گلەیی لە وەزیری کشتوکاڵ (عەبدولعەزیز تەیب) کرد، لەبەر ئەوەی داوای کردبوو زەوی کشتوکاڵی نەمێنێت، هەروەها پێیوابوو کاری وەزیر ئەوەیە، کەوا پێداگریی بکات لەسەر مانەوە و زیادکردنی، هەوڵی بەرەوپێشبردنی بدات، هەروەها گوتی: من هاوڕای ئەو یاسایەم چونکە خاوەن موڵک دووجار زەرەرمەند بوون، کاتێک لەبری چەند هەزار دۆنم 300 مەتری دراوەتێ، دواتر حکومەت دێ دووبارە لێی ئەسەنێتەوە، قەرەبووەکەش هاوتای زەوییەکە نییە (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 39، 2007، ل 603)، هەروەها ڤیان سلێمان لەفراکسیۆنی زەرد دوای هاوڕابوون لەگەڵ ئەم پرۆژەیە دەڵێت: پێویست بوو لەم یاسایەدا پێناسەی جووتیار بکرابایە، چونکە جووتیاران کێشەیان زۆرە. پەخشان زەنگەنە لەفراکسیۆنی سوور پێیوابووە: ئەم یاسایە گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە کاریگەری لەسەر ئێستا و داهاتوو هەیە، پێویستە لەکاتی زۆربوونی ژمارەی زەوییەکان، گرنگی زەوییە کشتوکاڵییەکان بەهەند وەربگیرێ، چونکە کشتوکاڵ بە بنەمایەکی گرنگی ئابووری هەژمار دەکرێ و پێویستە حکومەت لە دارشتنی پلاندا بەرژوەندی گشتی لەبەرچاو بگرێ (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 39، 2007، ل 607). دەبینرێ لە تاوتوێکردنی بڕگە و ماددەکانی ئەم یاسایە، ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لاواز بووە، ڕێژەیەکی کەم بەشداری گفتوگۆکەیان کردوە.

هەر بەمەبەستی تاوتوێکردنی بابەتە ئابوورییەکان، پەرلەمانی کوردستان لە 17ی تشرینی یەکەمی 2007 بەرنامەی کاری دانیشتنی بریتی بوو لە خستنەڕووی پرۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای باجی خانوبەرەی ژمارە 162ی ساڵی 1959ی هەمواركراو، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەشکرابوو (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 43، 2008، ل 531)، دوای خوێندنەوەی یاساکە و گفتوگۆکردنی پەرلەمانتاران لەسەری، کوێستان محەمەد لە فراکسیۆنی سەوز پشتگیری خۆی بۆ یاساکە دەربڕی کەوا هۆکارە بۆ یەکخستنی باج لە هەردوو حکومەت (هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر)، هەروەها هاوکاریکردنی خەڵکە، بەڵام وەرگرتنی باج لەلایەن حکومەت پێویستە، ڕەنگە ڕۆژگارێک بێتە پێشەوە، باج سەرچاوەی سەرەکی داهاتمان بێت، بەڵام بڕگەی دووەم کاتێ باسی ئەوە دەکات ئەو باڵەخانانەی کە دروست دەکرێن لە سێ ساڵ زیاتر بێ و بۆ ماوەی حەوت ساڵ ببوردرێ، ئەو حەوت ساڵە زۆرە، چونکە ئەو باڵەخانانەی کە بۆ نیشتەجێ بوونن، زۆربەیان مارکێتی گەورە و هۆتێلن، خاوەنەکانیشیان خەڵکە دەوڵەمەندەکەن، بۆیە لێخۆشبوونیان بۆ ماوەی حەوت ساڵ زۆرە، ئەم لێخۆشبوونە لە بەرژەوەندی حکومەت و هاوڵاتیان نییە (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 46، 2008، ل 543).

هەروەها سۆزان شەهاب لە فراکسیۆنی سەوز دەڵێت: کاتێک خەڵک زەوی خۆی دەکاتە باڵەخانە، بۆچی لێیان خۆشبین و ئەو هەموو ئاسانکارییەیان بۆ بکەین، یارمەتیدانیان لە هەندێ بواردا ڕێگەپێدراوە، چونکە ئەوانەی کە ئەو باڵەخانانە دروست دەکەن، نایدەن بە هەژاران، بەڵکو دوو هێندە نرخەکەی زیاد دەکات، وەزیر دەڵێت ئەمە بۆ دەرخستنی وەبەرهێنەرە، بەڵام ئایا وەبەرهێنەر سوودمەند نەبوو بە یاسای وەبەرهێنان؟ یان بەرژەوەندی تاکە کەسییە؟ بۆیە پێویستە فەلسەفەی ئەم یاسایە ڕوونبکرێتەوە (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 46، 2008، ل 547). هەروەها گوڵناز عەزیز لە فراکسیۆنی سەوز دەڵێت: پێویستە زەوی بازرگانی و نیشتەجێبوون لێکجیا بکرێتەوە، هەروەها پێویستە کارئاسانی بۆ بەشی نیشتەجێ بوونەکە بکرێت، چونکە کێشەیەکی زۆر هەیە لەئێستادا لەنێوان کرێچی و خاوەن موڵکدا (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 46، 2008، ل 550). هەر لەم بارەیەوە گێلاس محێدین لە فراکسیۆنی سەوز دەڵێت: من لەگەڵ باجدام، چونکە باج پابەندبوونی هاوڵاتیان بە حکومەت دەگەیەنێ، بەڵام با باجەکە بەپێی قەبارەی شوێنەکە و ڕێژەی ئەو داهاتە بێ، کە لەو شوێنە بەدەستی دەهێنێت، چونکە ناکرێ باڵەخانەیەکی گەورە و خانووی هەژار کەوا ژوورێکی بەکرێداوە بۆ بژێوی ژیانی وەک یەک هەژمار بکرێن یان خاوەن باڵەخانە 7 ساڵ لێبوردنی بۆ بکرێت لە باج، کەچی ژووری هەژارێک لێبوردن نەیگرێتەوە، بۆیە وردبینی لەم بابەتەدا پێویستە (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 46، 2008، ل 551)، ئەمەش تێبینییەکی دروست و واقیعییانە بووە.

سارا خدر لە فراکسیۆنی سەوز دەڵێت: ئێمە هاوڕاین لەگەڵ وەرگرتنی باج، بەڵام پێویستە هاوکێشەکە هاوسەنگ بێت، و بۆ بەرژەوەندی میللەت بەکار بێت (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 46، 2008، ل 555).

وا دیارە ئافرەتانی پەرلەمانتار لە بابەتی باجی خانووبەرە هەستیان بەوە کردوە، کە خەڵکی هەژاریش پێویستە سوودمەند بێت لە زەوی، بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆری کرێچی لەکوردستان، بۆیە داوایانکردوە یاساکان بەجۆرێک دابڕێژرێن، کە تێیدا بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵک و هەژاران لەبەرچاو بگیرێت.

دوا بەدوای ئەمە، پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژانی 30 و 31ی ئاداری 2008دا دەستیکرد بە گفتوگۆکردن لەسەر خستنەڕووی پرۆژە یاسای ڕێکخستنی مافی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستاندا، کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامادەکرابوو (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 46، 2008، ل ل 85 - 147).

دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرت لەلایەن لێژنەکانی یاسایی و کشتوکاڵ و ئاودێری و شارەوانییەکان، کەوا کۆمەڵێک خاڵی لەخۆ گرتبوو، لەلایەن پەرلەمانتارانەوە گفتوگۆی لەسەر کرا. هەرچی ڕۆڵی پەرلەمانتارانی ئافرەتە لەم بابەتەدا ئەوا شوکریە ڕەسول لە فراکسیۆنی زەرد دەڵێت: لەخاڵی یەکەمی پرۆژە یاساکە، کە ئاماژە بەوە دەکات مافی دەستکاری بۆ ئەو جوتیارانە دەچەسپێنرێت، کە زەوی کشتوکاڵیان بەسەردا دابەشکراوە یان گرێبەستن بەپێی حوکمەکانی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی و ڕێنماییەکان و بڕیارەکانی تر، کە لە هەرێمی کوردستاندا کاریان پێدەکرێت، بە مەرجێک بڕیارەکانی دابەشکردن پەسەندکرابن و گرێبەستەکان کارپێکردنیان بەردەوام

بێت، تێبینی ئەوە دەکەم بەمجۆرە دووبارە سیستەمی دەرەبەگایەتی دروستدەبێتەوە، چونکە کاتێک کەسێک ئەو زەوییە زۆرە دەکڕێ ئەوا جارێکی تر گوندەکە دەکەوێتە ژێر دەستی کەسێکی تر (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 46، 2008، ل 126). وا دیارە ئافرەتانی پەرلەمانتار لەم ڕووەوە لەوە زیاتر هیچ لێدوان و پێشنیارێکیان نەبووە لە گفتوگۆکانی ئەم دانیشتنەدا.

ئەگەر چی لە دانیشتنی 10 و 11ی حوزەیرانی 2008 پەرلەمانی کوردستان، لەبەرنامەی کاریدا دەبووایە دووبارە گفتوگۆی پرۆژە یاسای هەمووارکردنی یاسای کرێی خانووبەرە ژمارە 87ی ساڵی 1979 وە یاسای ڕێکخستنی زەوی و زاری کشتوکاڵی بکات، بەڵام هیچ گفتوگۆیەک نەکرا و لەبەر بابەتەکانی تر ئەم بابەتە دواخرا، بۆیە لە 17ی حوزەیرانی 2008 جارێکی دیکە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا ئەم پرۆژە یاسایەی خستە بەرنامەی کارەوە و گفتوگۆی لەسەر کرا (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 48، 2008، ل ل 163 - 271)، لەو دانیشتنەدا وەزیری دارایی (سەرکیس ئاغاجان) ئامادە بوو، ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان بە هاوبەشی وەزارەتی ناوبراو خوێندرایەوە، ماددەکانی ئەم یاسایە خرانە ڕوو و هۆکاری ئەم یاسایەش بۆ ئەوە بوو تا لەگەڵ سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێم بخرێتە سەر بارێکی گونجاو بۆ بەدیهێنانی بارێکی هاوسەنگی (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 48، 2008، ل ل 273 – 274). لەم ڕووەوە سۆزان شەهاب گلەیی لە لێژنەی دارایی و ئابووری دەکات لەوەی کە دەڵێت: با خەڵک بۆخۆی مشوری خۆی بخوات تا خانوو پەیدا بکات، ئایا کە خەڵک پارەی نەبێ و مووچەیەکی نەبێ چۆن خانوو پەیدا بکات، ئەوە یاریکردنە بە هەستی خەڵک، خۆ دزی ناکات، هەروەها دەڵێت: دەبێت لە هەموو یاسایەک دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕەچاو بکرێت (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 48، 2008، ل 298).

هەروەها هالە سهیل لە فراکسیۆنی سەوز پرسیار ئاراستەی وەزیری دارایی دەکات، کەوا هەبوونی کۆمپانیاکان و ڕێکخراوی حکومی و ناحکومی ڕۆڵیان نیە لە بەرزکردنەوەی نرخی کرێی خانوو؟ پێویستە ئەوانە جیابکرێنەوە لەناوچەکانی نیشتەجێبوون، چونکە لەنێو گەڕەکەکان کۆمەڵێک خانوو هەن لەسەریان نووسراوە تەنیا بۆ کۆمپانیاکان و کرێکەشی یەکجار بەرزە، بەمەش پێشبڕکێ لەگەڵ هاووڵاتیان دروست دەبێ و نرخەکان بەرزدەبنەوە (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 48، 2008، ل 300).

هەروەها گوڵناز عەزیز لە فراکسیۆنی سەوز دەڵێت: متمانە لەنێوان کرێچی و خاوەن موڵک نەماوە، زۆرجار خاوەن موڵک خانوویەکی زۆری هەیە بە چۆڵی و زەوییەکی زۆریشی هەیە شوێنی نیشتەجێبوونە نایکات بە خانوو، دەمەوێ پێشنیار بکەین، کە زەمانەتێک هەیە بۆ پارێزگاری خاوەن موڵک، وەک چۆن زەمانەتێک هەیە بۆ کرێچی، کە ڕێژەیەک دابنرێت، بۆ نموونە لە ماوەی 6 مانگ یان 4 مانگدا خاوەن موڵک بتوانێت خانووەکە نۆژەن بکاتەوە، چونکە زۆرجار کرێچی زیان بە خانووە دەگەیەنێ و لە بەرامبەر ئەوەدا خاوەن موڵک نرخی کرێ زیاد دەکات (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 48، 2008، ل 305).

سۆزان شەهاب لە فراکسیۆنی سەوز پێیوا بووە: ئەو ڕێژەیەی بۆ کرێی خانوو دانراوە یەکجار زۆرە لەتوانای هاوڵاتیاندا نیە (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 48، 2008، ل 307). بێگومان ئەوە بۆچوونێکی بەجێ بووە، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە تا ئێستاش درێژەی هەیە، خاوەن موڵک بەدوای کۆمپانیا و ڕێکخراو و دەزگای حزبیدا دەگەڕێ، تا موڵکەکەی بە پارەیەکی زۆر بەکرێ بدات، ئەوەش دواجار دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کرێی خانوو بەشێوەیەکی گشتی، بەتایبەتی لە هەندێ گەڕەکدا.

بەشێوەیەکی گشتی گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە گفتوگۆکردن لەسەر بابەتە ئابوورییەکان لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا 2005 – 2009، لەلایەن ئافرەتانی پەرلەمانتارەوە بەشدارییەکی لاواز بووە سەرەڕای گرنگی و هەستیاری بابەتەکە، وەک دەبینین لەکۆی 29 ئافرەتی پەرلەمانتاردا تەنها 8 ئافرەت بەشداری گفتوگۆکانی دانیشتنەکانی پەرلەمانیان کردوە، ئەوانیش سۆزان شەهاب ، گێلاس محێدین ، سارا خدر، هالە سوهێل، کوێستان محەمەد، گوڵناز عەزیز، کە سەر بە فراکسیۆنی سەوز بوون، ڤیان سلێمان لە فراکسیۆنی زەرد و پەخشان زەنگەنە لە فراکسیۆنی سوور، بوون. ئەوەش بەشدارییەکی کەمە بەراورد بە ڕێژەی ئافرەتان لە پەرلەمان، کە دەکاتە ڕێژەی 27.58%ی ئافرەتانی پەرلەمانتار کە بەشداری گفتوگۆکانیان کردوە و ڕا و سەرنج و پێشنیاریان هەبووە.

## تەوەرەی سێیەم/ ڕۆڵی ئافرەتانی پەرلەمانتار لە تاوتوێکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەماندا 1992 - 2005

پەرلەمانی کوردستان دەزگای باڵای یاسادانانە بە مەبەستی ڕاپەراندنی ئەرکەکانیشی چەندین لێژنەی تایبەتمەندی دامەزراندووە، ئەو لێژنانەی کەوا تایبەتن بەلایەنی کۆمەڵایەتی زیاتر خۆی لە لێژنەکانی (تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و لێژنەی پاراستنی مافی ئافرەت) دەبینیەوە.

لەخولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەماندا لێژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی هیچ ئافرەتێکی تێدا نەبووە، بەڵام لەخولی دووەمدا گۆڕانکاری بەسەرهاتووە، لێژنەی پاراستنی مافی ئافرەت شەفیقە فەقێ سەرۆک لێژنە بووە وە لەکۆی ٦ ئەندام چواریان ئافرەت بوونە، ئەوانیش گەلاوێژ عەبدولجەبار، زەهرا حاجی، فەوزیە عزەدین و نەهلە محەمەد بوون (جامباز و پیرداود ، ٢٠٠٨، ل ١٥٩). ئەرکی ئەم لێژنەیە بریتی بوو لە چاودێریکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکار و چارەسەرکردنیان و پلان داڕشتن بۆ ئەو ئەرکانەی، کە پێیانسپێردرابوو (سلێمان، 2015، ل 28).

پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری ١٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢ بۆ یەکەمجار پێشچاوخستنی ڕاپۆرتی لێژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی خستە بەرنامەی کار (پرۆتۆکۆلەکان، بەرگی 5، ١٩٩٢، ل٥٧). دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لێژنە، کە چەندین خاڵ خراوەڕوو لە ئاڵوگۆڕکردنی بەڕێوەبەرەکانی نەخۆشخانەکان ئەوانەی کەوا لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا بەڕێوەبەر بوون، دەوام نەکردنی پزیشکان و کارمەندان لەئاستی پێویست و بردنە دەرەوەی دەرمان و کەرەستەی نەشتەرگەری لەنەخۆشخانەکان لەلایەن هەندێ لەفەرمانبەران و دیار نەمانی بەشێک لەو ئامێرە پزیشکییانەی کەوا لەرێگەی خێرخوازانەوە گەیەندراوەتە کوردستان، کزبوونی چاودێری پزیشکی و دیارینەکردنی نرخی پلیت و دانانی نۆرینگەی تایبەت لەلایەن هەندێ لەپزیشکانەوە و چەندین کێشەی تر (پرۆتۆکۆلەکان، بەرگی ٥ ، ١٩٩٢ ، ل ٧٦-٧٧). داوا لەپەرلەمانی کوردستان کرا، کەوا هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان ماف و ئەرکەکانی سەرشانی پزیشکان و بتواندرێ خزمەتێکی باشتری نەخۆش و بریندارەکان بکرێ (پرۆتۆکۆلەکان، بەرگی ٥، ١٩٩٩، ل ٧٦) دوای گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕکردنی ڕاو پێشنیارەکان لەنێوان پەرلەمانتاران، هیچ یەکێک لەئافرەتانی پەرلەمانتار بەشداری گفتوگۆکانی ئەو دانیشتنەیان نەکرد، لە کاتێکدا ئەوە بابەتێکی گرنگی ئەو سەردەم بووە

و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەبووە.

لە١٦ی ئایاری ٢٠٠١دا پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای یەکەم هەمووارکردنی یاسای ژمارە ١ی ساڵی 1993ی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی و بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی، کە لێژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان دەربارەی مافی ئافرەت ئامادەی کردبوو، خستە بەرنامەی کارەوە (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی ٢٦ ،٢٠٠١ ، ل ٢٥٦)، لەبەر ئەوەی یاساکانی پێش ساڵی 1991ی حکومەتی عێراق بەرژەوەندی ئافرەتی تیادا ڕەچاو نەکرابوو و نایەکسانی پێوەدیار بوو، دوای ڕاپەڕین ئافرەتان لە چەندین وێستگەوە کاریان کرد بۆ هەمووارکردنی ئەو یاسایانە، کە تیایدا پێشێلی مافەکانیان کرابوو (گەرمیانی، 2015، ل 94)، بۆیە لە 16ی ئایاری 2001، پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی خۆی تایبەت کرد بە تیشک خستەسەر ئەو ڕاپۆرتەی کەوا لەلایەن لێژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان ئامادەکرابوو (پرۆتۆکۆلەکان، بەرگی ٢٦ ،٢٠٠١ ، ل٢٧١).

لەم دانیشتنەدا نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان وەکو چاودێر ئامادەبوون، جێی باسە پرۆژەی هەمووارکردنی یاساکان لەلایەن لێژنەی یاسایی پەرلەمان بەهاوبەشی لەگەڵ لێژنەی بەرگری لەمافەکانی ئافرەتان و ژمارەیەک لەو یاداشتنانەی، کە لەماوەی ساڵانی ڕابردوو لەلایەن ڕێکخراوەکانی ئافرەتانەوە کاری لەسەر کرابوو خرانە بەر باس و گفتوگۆ (برایەتی، ژ 43210، 2001/5/17).

فەوزیە عزەدین لە فراکسیۆنی زەرد لەدەستپێکدا خۆشحاڵی خۆی ڕاگەیاند بەگفتوگۆکردن لەسەر ئەو بابەتە لەچوارچێوەی دانیشتنی پەرلەماندا، تیشکی خستەسەر ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لەخەباتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، کەوا شان بەشانی پیاوان لەخەباتدا بوونە (پرۆتۆکۆلەکان، بەرگی ٢٦، ٢٠٠١، ل ٢٧١ - ٢٧٢).

هەروەها فەوزیە عزەدین جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کەوا ڕێکخراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ڕێکخراوە پیشەیی و حزبییەکانی تریش لەخوازیارانی ئەو گۆڕانکارییە بووینە و هەزاران واژوو کۆکراوەتەوە بۆ پشتیوانی ئافرەتان، لەمەڕ دەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان و پێشکەشکردنی یاداشت بە پەرلەمانی کوردستان، بەمەبەستی گۆڕانکاری لەیاسای باری کەسێتی (دیدار لەگەڵ فەوزیە عزەدین 2021/6/7).

لەکاتی خوێندنەوەی ئەم یاداشتەدا شەفیقە فەقێ لە فراکسیۆنی زەرد چەند خاڵێکی خستەڕوو، کە بریتی بوون لە وەستانی کارکردن بە بڕیاری (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی عێراق ژمارە 189ی ساڵی 1980، کە بریتیە لە ڕێگەدان بە ژنهێنانی دووەم بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی ژنی یەکەم، خاڵێکتری تێبینیەکانی بریتی بوو لە توندکردنی ئەو سزایەی، کە لە برگەی 5ی ماددەی 10ی تایبەت بە مارەبڕین لە دەرەوەی دادگا، کە پێویستە سزاکە زیاتر بێت تا ڕێگری لەم کارە بکرێت، خاڵی سێیەمیش بریتیە لە وەستانی بڕیاری ئەنجومەنی ناوبراو، کە تایبەتە بە تۆمارکردنی ژنهێنان لە دەرەوەی دادگا، تێبینی چوارەم بریتیە لە بەرزکردنەوەی ڕاسپاردەیەک بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی داوا لە وەزارەتی تەندروستی بکرێت، کە لێژنە پزیشکییەکان زیاتر گرنگی بەو پشکنینە پزیشکییە بدەن، کە ئافرەت پێویستی پێیەتی و دادگا پێویستی بە ڕا و ڕاپۆرتی ئەوان هەیە، ئەمەش لەوەوە دەرکەوتووە، کە زۆر لە ئافرەتاکانمان کاتێ هەندێ شتی نائاسایی لەنێوان ژن و مێرد ڕوو دەدات وەک منداڵ نەبوون، هیچ شتێکی لەبەر دەستدا نیە کە بەرگری پێ لەخۆی بکات و پێی بسەلمێنێت، بەڵام پیاوەکە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ خۆی دەرباز بکات. هەروەها ناوبراو تێبینی خۆی سەبارەت بە چەند بڕگەیەکی دیکەی یاساکە خستەڕوو، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە خەرجی ئافرەتەوە هەبوو دوای جیابوونەوەی لە مێردەکەی یان نەمانی مێردەکەی (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 26، 2001، ل ل 273 – 275).

زەهرا حاجییش لە فراکسیۆنی زەرد لەم بارەوە قسەی هەبوو، کە داوای کردبوو بڕیاری ژمارە 211ی ساڵی 1984 هەموار بکرێتەوە، کە تیایدا هاتبوو کاتێک دایک و باوک جیابوونەوە و منداڵیان هەبوو ئەو منداڵانە لەکوێ دایک و باوکەکان ببینن؟ لە بڕیارەکەی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش)ی عێراق دەڵێت: لە بارەگای یەکێتی ئافرەتانی عێراق دەبێ، لێرە ئێمە داوا دەکەین، کە بینینەکە لە بارەگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بێت، ڕای تریش هەیە دەڵێن لە بارەگای ڕێکخراوەکان بێت، هەر ڕێکخراوێک لە بارەگای خۆی ئەم کارە بکات یان لە بنکەی چاودێری کۆمەڵایەتی بێت (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 26، 2001، ل 275)، بەڵام زەهرا حاجی هاوشێوەی بڕیارەکەی عێراق لە گۆشەیەکی حزبییانەوە بارەگای ئافرەتانی حزبی دیاریکردوە بۆ بینینی منداڵ، لەکاتێکدا دەبوو دەزگایەکی کۆمەڵایەتیی حکومیی دیاریکردبا بۆ ئەم مەبەستە.

هەروەها زەهرا حاجی سەبارەت بە خاڵێکی تر، کە بریتی بوو لە ڕاگرتنی کارکردن بە برگەی 1ی ماددەی 41ی تایبەت بە سزاکانی تەمبێکردنی ژن، لەو برگەیەدا داوا کراوە کە وەکو منداڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، دەڵێت: تەمبێکردن شتێکی کەمە بەرامبەر بە ئافرەتان لە کەسایەتی ئافرەت کەم دەکاتەوە، کەس لە ئێمە ڕازی نابێت، کە وشەی تەمبێکردن بۆ ئافرەت بەێنێت، بۆیە داوا دەکەین کە ئەوە هەموار بکرێت (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 26، 2001، ل 275).

هەروەها سەبارەت بە تاوانی ناپاکی هاوسەریی (الخيانة الزوجية)، زەهرا حاجی گووتی: لەو بارەیەوە جیاوازیەکی زۆر لەنێوان ژن و مێردا کراوە، واتا سزای پیاوان سوکترە لە ژنان، لەوەشدا نایەکسانییەک هەیە، ئەگەر هەردووکیان هەڵەیان کرد. هەروەها داوایکرد یاسای دەرماڵەی دایکایەتی هەموار بکرێ و هەر لە سەرەتاوە هیچ دەرماڵەیەک لە دایکەکە نەبڕدرێت. لە کۆتاییشدا سێ ڕاسپاردەی خستەڕوو بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرز بکرێتەوە، سەبارەت بە زیادکردنی ژمارەی دایەنگە، زیادکردنی دەرماڵەی خێزان و هاوکاریکردنی کچان کاتێک شوو دەکەن هاوشێوەی کوڕان مافی وەرگرتنی پێشینەی هاوسەرگیریی و پێشینەی خانووبەرەیان هەبێت (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 26، 2001، ل 275 - 276). لێرەدا دەبینین، زەهرا حاجی ئازایانە داوایکردوە، کە ئەو بڕیارە کۆنەی عێراق هەموار بکرێتەوە و مافی ئافرەت لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا باشتر لەبەرچاو بگیرێت و لەگەڵ پیاودا یەکسان بن.

ئەوەی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان وەک دەسەڵاتی یاسادانان لەبەرژەوەندی ئافرەتانی هەرێمی کوردستاندا ئەنجامیان دابێت، بریتی بوو لە هەموار کردنەوەی چەند برگە یاسایەکی تایبەت بە یاسای سزادانی عێراقی لە ساڵی 2001، هەڵبەتە ناکرێ هەوڵ و تێکۆشانی ئەو ئافرەتانە فەرامۆش بکرێت لەناو پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەمانیش بەتایبەت ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکان، کە ڕۆڵیان هەبوو لە کۆکردنەوەی واژۆ و ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار بۆ پشتگیری کردن و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بۆ گۆڕینی ئەم یاسایانە.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکەین لەو دانیشتنانەی، کە تایبەت بوون بە بابەتە

کۆمەڵایەتییەکان لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەماندا 1992 – 2005، ئەوا لە کۆی 9 ئافرەتی پەرلەمانتار تەنها 3 پەرلەمانتار ئەوانیش فەوزیە عزەدین و شەفیقە فەقێ و زەهرا حاجی لە فراکسیۆنی زەرد بەشداری گفتوگۆکانیان کردوە، کە دەکاتە ڕێژەی 33.33%ی ئافرەتانی پەرلەمانتار.

## تەوەرەی چوارەم/ ڕۆڵی ئافرەتانی پەرلەمانتار لە تاوتوێکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەماندا 2005 - 2009

لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەماندا 2005 – 2009 لێژنەکانی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و بەرگری کردن لەمافەکانی ئافرەتان تایبەتمەندبوون بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی گونجاو لەڕێگای یاساوە، لێژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی لە ٦ ئەندام پێکهاتبوون ٥ ئەندامیان ئافرەت بوون بەناوەکانی سەبریە غەفار، ڕۆژان عەبدولقادر، ئاریان خالس، فەخریە مستەفا، هالە سوهێل (کارو چالاکی لێژنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠١١ ، ل ١٨٥).

هەروەها لێژنەی بەرگریکردن لە مافی ئافرەتان لە 13 ئەندام پێکهاتبوون، 11 یان ئافرەت بوون بەناوەکانی پەخشان زەنگەنە، کوێستان محەمەد و شوکریە ڕەسول، شەمسە سەعید، فەخریە مستەفا، فەزیلە ڕەمەزان، ڤیان ئەحمەد، مریەم حەسەن، نازناز محەمەد، نەسرین محەمەد (جامباز، 2007، ل 180)، بابەتە سەرەکییەکان کە ئەم لێژنەیە کاری لەسەر کردوون بریتی بوون لەچەند خاڵێکی گرنگ لەوانە مارە بڕینی کچانی منداڵ، خەتەنەکردنی مێینە، یاسای هەمواکردنی باری کەسێتی ژمارە 188ی ساڵی 1959 و فشارخستنە سەر حکومەت بۆ زیادکردنی ڕادەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە دامودەزگاکانی حکومەت، لەگەڵ چەند خاڵێکی تریش (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: پاشکۆی ژمارە 1).

پەرلەمانی کوردستان لە١٥ی ئایاری ٢٠٠٧دا گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی لەهەرێمی کوردستاندا خستە بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی (پڕۆتۆکۆلەکان، بەرگی ٤٠، ٢٠٠٨، ل ٤٠٧)، ئەوەی ئاماژەی پێکراوە لەم دانیشتنەدا ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانە بوو لە کوردستانی عێراقدا لەسایەی سیستەمی فیدراڵی هاتبوونە ئاراوە. سەبارەت بەڕۆڵی ئافرەتانی پەرلەمانتار لەم یاسایەدا، ئەوا سەرەتا تاڤگە محەمەد هاوڕابوو لە دروستکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ کەسوکاری ئەنفالەکان، بەڵام پێشنیاری ئەوەی کرد، کە پێویستە بنکەیەکی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ئافرەتانەش دابین بکرێ، کەوا تووشی هەڕەشەی خێزانی دەبنەوە لەلایەن خێزانەکانیانەوە و بێ لانەن، هەروەها بۆ ئەوانەی کەوا ژیریان لەدەستداوە و دەرونیان شێواوە (پڕۆتۆکۆلەکان، بەرگی ٤٠، ٢٠٠٧، ل ٤١٨).

ئاریان خالس لە فراکسیۆنی سەوز دەڵێت: پێویستە لەم یاسایە ئەو کارە دەستنیشان بکرێ، کەوا بۆئافرەتانی دووگیان نابێ لەلایەن وەزارەتەوە (پڕۆتۆکۆلەکان، بەرگ٤٠، ٢٠٠٨، ل ٤١٩)، هەروەها شوکریە رەسول لەم دانیشتنەدا ئاماژەی بەچەند خاڵێکدا، پێشنیاری ئەوەی کرد چۆن ئافرەتانی بێلانە پێویستیان بە شوێنێکە بۆ داڵدەدانیان، بەهەمان شێوە پیاوانیش پێویستیان بەشوێنێکی وا هەیە، چونکە چەند حاڵەتێک هەیە کەوا پیاوانیش بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، لە خاڵێکی تریشدا ئاماژە بەوە دەکات، کە ژمارەیەکی زۆر لەکچان و ژنان دەکوژرێن پێویستە سزا بۆ بکوژ دابندرێ، هەروەها لەسەر وەزارەت پێویستە شوێنی نیشتەجێبوون بۆ خەڵک دابین بکات بۆئەوانەی هەژارن، هەروەها ئاسانکاری بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری بکات بەمەبەستی نەهێشتنی قەیرەیی و کەمکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان (پڕۆتۆکۆلەکان، بەرگی٤٠، ٢٠٠٨، ل ٤٢٥).

هەروەها ڤیان ئەحمەد لە فراکسیۆنی سەوز پێشنیاری ئەوەی کرد، کەوا پێویستە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەتیڤی و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان بۆ بەرژەوەندی گشتی و سیاسەتی هۆشیاری سوودیان لێوەرگرین و بەرنامەی درێژخایەن دابڕێژین بۆ سوودی کۆمەڵگە، هەروەها پێشنیاری ئەوەی کردووە لە بیمەی کۆمەڵایەتی دەرماڵەی ترسناکی زیادبکرێ، لەکاتی نەخۆشی یان دووگیانی بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی (پڕۆتۆکۆلەکان، بەرگی٤٠، ٢٠٠٨، ل ٤٢٨).

ڤیان سلێمان لە فراکسیۆنی زەرد پێشنیاری ئەوەی کرد، کەوا خولی شیاندن و ڕاهێنانی پێشینە لەبوارە جیاوازەکاندا ، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بکرێتەوە، چونکە پێویستە خەڵکی ئێمە فێری پیشە ببێت و هەوڵبدرێ ئافرەتان زیاتر هەلی کاریان دەستکەوێ لە بوارە جۆر بەجۆرەکاندا، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئافرەتانی ئێمە نەخوێندەوارن، کە ئەمەش بۆتە ڕێگر لەبەردەمیاندا (پڕۆتۆکۆلەکان، بەرگی٤٠، ٢٠٠٨، ل ٤٢٩).

شیرین عەبدولڕەحمان لە فراکسیۆنی زەرد پێشنیاری کردنەوەی بنکەی نەوجەوانانی کرد بۆ ناوچەکانی تریش، کە زاخۆی وەک نمونە هێناوە، چونکە بوونی ئەم بنکەیە بەتەنیا لە هەولێر کێشەی بۆ کەسوکاری بەندکراوان دروست کردووە (پڕۆتۆکۆلەکان، بەرگی٤٠، ٢٠٠٨، ل ٤٢٩).

نازناز محەمەد لە فراکسیۆنی زەرد پێشنیاری کرد هەلی دۆزینەوەی کار بە یەکسانی بۆ هەموو خاوەن توانایەکی کارکردن بڕەخسێنرێت و پێداگری لەسەر یەکسانیی ڕەگەزیی بکرێت، کەلتوری تەمبەڵی و سواڵکەری نەمێنێ، چونکە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بەزەییمان بە سواڵکەران دێتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هاندانی سواڵکەر، هەروەها چاودێریکردنی ئافرەتانی کرێکار بەمەبەستی پێشگرتن لە ئیستغلالکردنیان لە ماوەی کارکردنیان، کە ئەمەش دیاردەیەکی جیهانییە و دەبێت چاودێر هەبێت لەلایەن وەزارەتێکی هەرێم، هەروەها پێویستە بڕگەیەکی تریش زیاد بکرێ بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاسای ڕێگەگرتن لەکارکردنی منداڵان، کەوا ئەمە لەدەستوری عێراقیشدا هاتووە (پڕۆتۆکۆلەکان، بەرگی٤٠، ٢٠٠٨، ل ٤٢١).

سەبریە غەفار لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان تیشکی خستەسەر ئەو نەریتانەی کەوا لەنێو کۆمەڵگەدا باون و شوێنەواری خراپی جێهێشتووە، لەوانە ژن بە ژن و بابەتی گەورە بەچووک و شیر بایی، پێویستە هوشیاری کۆمەڵگە بەرەو پێشببردرێ و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە و کردنەوەی بنکە و سەنتەرەکانی کۆمەڵایەتی، لە بواری چاکسازی خێزان و چۆنیەتی دروستکردنی ژیانی هاوسەری (پڕۆتۆکۆلەکان، بەرگی٤٠، ٢٠٠٨، ل ٤٣٤). ئەوەی جێگای باسکردنە ئافرەتان لەتاوتوێکردنی بڕگە و بابەتەکانی ئەم یاسایە ڕۆلێکی کارایان گێڕاوە بە ڕا و پێشنیارەکانیان توانیان بابەتەکە دەوڵەمەندتر بکەن.

شایانی باسە دوای ساڵانی 2000 کوشتن و سوتاندنی ئافرەتان بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردبوو، ئەمەش وایکرد کە لە 21ی ئەیلولی 2006 کۆنفرانسێک بەناوی (با لە پەیامی ئاگر بگەین) بەڕێوە بچێت، کە تیایدا هەر یەک لە پەرلەمانتارانی ئافرەت

ڤیان ئەحمەد و کوێستان پیرداود، کە 24 ڕێکخراو بەشداریان لەم کۆنفرانسەدا کردبوو بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە و بەدەستهێنانی پشتگیری پەرلەمان (گوڵان، ژ617، 2007/1/8). هەر بۆ هەمان بابەت لە شاری سلێمانی کەمپینی داکۆکی لە مافە یاسایی و مەدەنییەکانی ژنان پێکهات، کە چەندین چالاکی و گردبوونەوەیان ئەنجامدا، چەند پێشنیارێکیشیان ئاڕاستەی پەرلەمان کرد (کەمپینی داکۆکیکردن لە مافە یاسایی و مەدەنییەکانی ژنان، ڕاپۆرت لە 2008/5/7).

هەروەها لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و کۆمەڵی مەدەنی، چەندین پێشنیاریان خستە بەردەم لێژنەی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، تاکو سەرجەم مافە مەدەنی و یاساییەکانیانی ئافرەتان لەبەرچاو بگیرێن (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پاشکۆی ژمارە 2).

هەر لە چوارچێوەی بەدواداچوونی بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پەرلەمانی کوردستان لە ٤ی تەمموزی ٢٠٠٧ بەرنامەی کاری دانیشتنی بریتی بوو لەگفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی لێژنەی داکۆکی کردن لەمافی ئافرەتان و ژنان تایبەت بەدواداچوونی کوشتنی ژنان و ئافرەتان، بە ئامادەبوونی وەزیرانی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، داد، مافی مرۆڤ، کاروباری کۆمەڵایەتی، پێشمەرگە، هەرێم بۆکاروباری پێشمەرگە و وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان (پرۆتۆکۆلەکان، بەرگ ٤١، ٢٠٠٨، ل ٣١٧). پەخشان زەنگەنە وەک سەرۆکی لێژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان و ژنان لەسەرەتادا دەستیکرد بەخوێندنەوەی ڕاپۆرتی لێژنە، ئاماژەی بەوەدا، کە دیاردەی توندوتیژی دژ بەژنان بەتایبەتی کوشتنی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا زیادی کردووە، هەروەها خۆکوشتن بەشێوازی جۆراوجۆر پەرەیسەندووە، ئەم دیاردەیەش زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، هەروەها گووتی: بۆ چارەسەری گونجاو لێژنەکەمان چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەنجامداوە و سەردانی چەندین شوێنمان کردووە، وەکو دادگا و پۆلیس و فەرمانگەکانی تەندروستی و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان، هەروەها دانیشتنی تایبەت لەگەڵ وەزیرانی داد، مافی مرۆڤ و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان کراون، چەندین ئاماری کوشتن و سوتاندنی ئافرەتانمان بەردەستە، لەساڵی ٢٠٠٧ەوە تا ئێستا هیچ کەسێک بەتۆمەتی ژن کوشتن حوکم نەدراوە (پرۆتۆکۆلەکان، بەرگی ٤٩، ٢٠٠٨، ل ٣١٩).

شایانی باسە ئاماری هەردوو وەزارەتی مافی مرۆڤ و وەزارەتی ناوخۆ، ئاماژە بە ژمارەی ئافرەتە قوربانییەکان لە مانگەکانی 1 و 2 و 3ی ساڵی 2008 دەکات، لە تاوانەکانی کوشتن و سوتان لە هەولێر، دهۆک و سۆران، کە ژمارەکە مەترسیدارە (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وەزارەتی مافی مرۆڤ/ نووسینگەی وەزیر، ژمارە 20، 11ی مایسی 2008؛ وەزارەتی کاروباری ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ جولانەوە و تاوان، ژ 3975، 2008/4/23)، هەر بۆیە لە هەمان ساڵدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیران، لێژنەیەکی پێکهێنا بۆ پێداچوونەوە بەیاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵ ١٩٥٩ی عێراقی، هاوکات لە لێژنەی مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستانیش بۆ هەمان مەبەست پرۆژەیەکیان پێشکەش کرد (پرۆتۆکۆلەکان، بەرگی ٤٩، ٢٠٠٩، ل ٢١٩).

کارەکانی ئەو لێژنانە بۆ هەمواركردنەوەی یاسای باری کەسێتیی، وتووێژێکی توندی لەمیدیاکان بەدوای خۆیدا هێنا، لەنێوان بەرهەڵستکاران و لایەنگرانیدا، بەتایبەتی هێزە ئیسلامییەکان و ژمارەیەک لە مەلای مزگەوتەکان، کەوا دژی مەرجدارکردنی فرەژنی بوون لە مینبەری مزگەوتەکاندا، هێرشی توندیان دەکردە سەر لێژنە و ئافرەتانی پەرلەمانتار (قەرەداغی، ٢٠١٨، ل ١٥١)، هەر لەسەر ئەم بابەتە یەکێتی زانایانی ئیسلامیی کوردستان / مەکتەبی تەنفیزی لە 21ی ئەیلولی 2008دا یاداشتێکیان ئاڕاستەی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کرد، کە تیایدا ناڕەزایی خۆیان دەربڕیبوو لەدژی پرۆژە بڕیاری نەهێشتنی فرەژنی (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: پاشکۆی ژمارە 3). سەرۆکی حکومەت لەڕێگەی مەلا میانڕەوەکان هەوڵیدا دۆخەکە هێمن بکاتەوە، بە بەسازدانی چەندین کۆڕ و سیمینار، تا لەکۆتاییدا توانرا ئەو پرۆژە یاسایە بچێتە پەرلەمان (قەرەداغی، 2018، ل 151).

دوا بەدوای ئەمە پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی بەرچاوخستنی پرۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای باری کەسی ژمارە 118ی ساڵی 1959، چەندین دانیشتنی لە ڕۆژەکانی 20 و 27 و 28 و 29ی تشرینی یەکەم و هەروەها ڕۆژانی 3و4ی تشرینی دووەم سازدا، بە مەبەستی تاوتوێکردنی بڕگە و بابەتەکانی ئەم پرۆژە یاسایە (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 49، 2009، ل ل 267 - 555).

هەر سەبارەت بە یاسای باری کەسێتی لەم دانیشتنەدا هەر یەک لە کوێستان محەمەد، تاڤگە محەمەد، خەمان زرار، سۆزان شەهاب و نەسرین محەمەد لەگەڵ ئەوەدابوون کە یاسای باری کەسێتی ببێتە پرۆژە و بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و موزایەدەی ئایینی بەسەر کەسەوە نەکرێ، فرەژنی قەدەغە بکرێت و هەوڵبدرێ لەڕێگەی گۆڕینی ئەم یاسایانە کێشە کۆمەڵایەتییەکان کەمبکرێنەوە (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 49، 2009، ل ل 274 – 442). ڤیان سلێمانیش لە فراکسیۆنی زەرد ڕایەکی تری هەبوو، ئەویش بریتی بوو لە وەرگرتنی ڕەزامەندی ژنی یەکەم لەکاتی هێنانی ژنی دووەم لە حاڵەتێک ئەگەر ئافرەتەکە منداڵی نەدەبوو، چونکە زۆرجار ئەم حاڵەتە لە پیاوانیش بوونی هەیە (دیدار لەگەڵ ڤیان سلێمان، 2021/8/22، هەولێر).

ئەوەی جێی تێڕامانە کەوا ئافرەت لە هەمواركردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە 188ی ساڵی 1959 ڕۆڵێکی یەکجار کارایان هەبووە لەنێو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەماندا لەڕێگەی کۆکردنەوەی واژوو و بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و بەرچاو ڕوونکردنی ئافرەت لەسەر ماف و ئەرکەکانیان. لە بەر گرنگی ئەو بابەتە پەرلەمانی کوردستان جیا لەو دانیشتنانەی کەوا ئاماژەمان پێیاندا، چەندین دانیشتنی تری ئەنجامدا لە ڕۆژەکانی 3و 4و 5و 6 وە 12و 13ی کانوونی دووەمی 2008 بە مەبەستی گفتوگۆکردنی تێروتەسەل لەسەر هەمواركردنی یاسای باری کەسێتیی (پرۆتۆکۆڵەکان، بەرگی 49، 2008، ل ل 507 – 537).

شایانی باسکردنە ئافرەتانی پەرلەمانتار لەخولی دووەمی پەرلەماندا 2005 – 2009 لە تاوتوێکردنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا و توانیان چەندین پێشنیار و ڕای جیاواز دەربڕن لەچوارچێوەی دانیشتنەکانی پەرلەماندا، یەکێک لە کارە گرنگەکانیان ڕۆڵیان بوو لە هەمواركردنەوەی یاسای باری کەسێتیی، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدەین لەو دانیشتنانەی کە تایبەت بوون بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەماندا 2005 – 2009، ئەوا لە کۆی 29 ئافرەتی پەرلەمانتار تەنها 15 پەرلەمانتار ئەوانیش ئاریان خالس، کوێستان محەمەد، ڤیان ئەحمەد، سارا خدر، خەمان زرار و سۆزان شەهاب لە فراکسیۆنی سەوز، شوکریە ڕەسوڵ، ڤیان سلێمان، شیرین عەبدولڕەحمان و نازناز محەمەد لە فراکسیۆنی زەرد، سەبریە غەفار، فەزیلە ڕەمەزان و تاڤگە محەمەد لە فراکسیۆنی

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پەخشان زەنگەنە لە فراکسیۆنی سوور، نەسرین محەمەد لە فراکسیۆنی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، بەشداری گفتوگۆکانیان کردوە، کە دەکاتە ڕێژەی 51.72%ی ڕێژەی ئافرەتانی پەرلەمانتار، ئەمەش ڕێژەیەکی باشترە سەبارەت بە بەشداری پەرلەمانتارە ئافرەتەکان بەراورد بە خولی یەکەم و بەشدارییان لە بابەتی کۆمەڵایەتی لە خولی دووەمدا.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەو خاڵانەی خوارەوە:-

1- ئافرەتانی پەرلەمانتار لە بابەتە ئابوورییەکان کەمتر بەشدار بوونە لە گفتوگۆ و خستنەڕووی ڕا و سەرنجەکانییان، بەراورد بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەڵام ئافرەتان لەبەر ئەوەی موڵکی خۆیان و کۆمەڵگەن پێویست بوو لە هەموو لایەنەکانی ژیان گفتوگۆ و ڕا و سەرنجیان هەبێت، نەک بە تەنیا جەخت لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی بکەنەوە.

2- تێبینی ئەوە دەکەین، کە ژمارەی ئافرەتان لە لێژنەکانی پەیوەندیدار بە بابەتی ئابووری کەمترە لە ژمارەی ئافرەتانی پەرلەمانتار لە لێژنەکانی تایبەت بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان.

3- لە کۆمەڵگەکانی هاوشێوەی ئێمە واتا کۆمەڵگەی باوکسالاری یاسا و ڕێسا و داب و نەریتەکانیش زیاتر لە بەرژوەندی پیاو سالارییە، بۆیە کارێکی ئاساییە کاتێک ئافرەتانی پەرلەمانتار بە وردیی داوای گۆڕین و هەموارکردنەوەی یاساکان بکەن.

4- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کاریگەرییان هەبووە لەسەر هێنانە پێشەوەی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و وروژاندنیان و فشار دروستکردن بۆ خستنە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمانەوە.

5- لە بابەتی ئابووریدا تێبینی دەکەین زۆربەی پرۆژە یاساکان لەلایەن پیاوەکانەوە خراونەتە ڕوو یان پشتگیری کراون و ئافرەتان بە کەمی بەشدارییان کردوە، بەڵام لە بابەتی کۆمەڵایەتیدا دەبینین پرۆژەکان لەلایەن ئافرەتانەوە بە پشتگیری و هاندانی ئافرەتانی تر و ڕێکخراوەکان لە دەرەوەی پەرلەمان خراونەتە بەرنامەی کارەوە.

6- بەشداری و گفتوگۆی ئافرەتانی پەرلەمانتار لەسەر هەموارکردنەوەی ژمارەیەک بڕگە و یاسای تایبەت بە یاساکانی باری شارستانی زۆر دیارتر و پێشچاوترە لە هەر بابەتێکی تر.

## Conclusion

The researcher has found the following conclusions:-

1. Women parliamentarians were less involved in discussing and expressing their views on economic issues, compared to social issues, but women needed to have discussions and opinions on all aspects of life, not just on social aspects.

2. We note that the number of women in the committees related to economics is less than the number of women parliamentarians on social issues committees.

3. In societies like ours, it means that the patriarchal society of law, rules, and traditions is more in the interest of patriarchy, so it is normal when women parliamentarians carefully ask for changes and amendments to the laws.

4. Civil society organizations and women's organisations have had an impact on bringing social problems forward, provoking them, and putting pressure on the agenda of the parliamentary session.

5. In economic matters, we note that most of the bills have been introduced or supported by men and women have rarely participated, but in social matters, we see that projects have been put into action by women with the support and encouragement of other women and organisations outside parliament.

6. The participation and discussion of women parliamentarians on amending a number of articles and laws on civil status laws is much more visible and foreseeable than any other issue.

# پاشکۆ

## پاشکۆی ژمارە (1)

چالاکی

لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان و ژنان

ئەم لیژنەیە یەکێکە لەو چواردە لیژنەیەی کە سەر بەپەرلەمانی کوردستانە بەسەرۆکایەتی بەخشان رفتلەلە وە کوێستان [illegible] لیژنەیە وە کوردستان بڕیاردەری لیژنەیە. لەگەڵ ( ٩ ) ئەندام پێکهاتووە کە دوو ئەندامی پیاون وە تائێستا زیاتر لە ( ٥٠ ) کۆبوونەوەمان ئەنجامداوە، جگە لە چەندین سیمینار سەبارەت بە پرۆژەکان. وە دیدار لەگەڵ وەفدەکانی کەسەردانی لیژنەکەمان دەکەن.

کارە سەرەکییەکانی کە [illegible] ئەم لیژنەیە ئەنجامداوە بریتیە لەمانەی خوارەوە:

١- بەشداریکردن لە نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوری عێراق.
٢- سەردانیکردنی مەیدانی بۆ بەندینخانەکان، وە ئەوجەوانان.... .
٣- فشار خستنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زیادگردنی ڕادەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە دام و دەزگاکانی حکومەت ( بە تایبەتی پۆلیسێ وەزارەت ).
٤- پێشکەش کردنی پێشنیار بۆ وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی تەندروستی.
٥- کارکردن [illegible] ماددەی ( ٤١ ) لە دەستوری عێراق.
٦- کارکردن لەسەر کێشەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان.
٧- کارکردن لەسەر یاسای لێبووردنی گشتی.
٨- کردنەوەی کۆلێژێك یان بەشێك تایبەت بە مەسەلەکانی ئافرەتان و ژنان.
٩- پڕۆژەی یاسای قەدەغەکردنی خەتەنەی مێینە.
١٠- یاسای هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە ( ١٨٨ ) ی ساڵی ( ١٩٥٩ ).
١١- پڕۆژەی یاسای قەدەغەکردنی مارە بڕینی کچانی منداڵ، ( مارەبڕینی کچانی منداڵ لەناو بێشکەدا ).
١٢- چارەسەر کردنی حاڵەتی دوو ژنی کارمان بۆی کردووە پێشکەش بەسەرۆکایەتی کراوە.
١٣- بینینی منداڵ لەلایەن دایك و باوکەوە کە لەیەك جیابوونەتەوە.

Scanned with CamScanner

ناوی ڕێکخراوەکان

١. یەکێتی ژنانی کوردستان
٢. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
٣. کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان
٤. ئافرەتانی سۆشیالستا
٥. یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی
٦. ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی
٧. ئافرەتانی پارێزگاران
٨. ڕێکخراوی لانەی منداڵان
٩. ناوەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی
١٠. ڕێکخراوی [illegible]
١١. ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کورد
١٢. ڕێکخراوی ژین بۆ چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان
١٣. ڕێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال
١٤. ڕێکخراوی سایە بۆ بەرەنگاری توندو تیژی و جیاوازی ڕەگەزی
١٥. ڕێکخراوی گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی کوردستان
١٦. ڕێکخراوی راسان
١٧. ڕێکخراوی کیژ
١٨. ڕێکخراوی نوا
١٩. ڕۆژنامەی ژیانەوە
٢٠. ڕۆژنامەی پێگە
٢١. ڕێکخراوی ژنی ڕۆژهەڵاتی [illegible]
٢٢. ڕێکخراوی ژنانی کوردە فەیلییەکان
٢٣. ڕێکخراوی ئەوێن
٢٤. بنکەی بەرهەمهێنان و ئامادەکردنی ئافرەتان.
٢٥. ڕێکخراوی ڕۆژ
٢٦. ڕێکخراوی [illegible]
٢٧. سەنتەری پێشمەرگەی ڕۆشنبیری
٢٨. کۆمەڵەی پەری بۆ گەشە پێدانی ژنانی گوندنشین.
٢٩. کۆمەڵەی چرا بۆ بە توانا کردنی ژنان.
٣٠. ڕێکخراوی پەری
٣١. ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت
٣٢. اتحاد نساء الاشوري
٣٣. یەکێتی ئافرەتانی گەلی تورکمان
٣٤. یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان.
٣٥. ڕێکخراوی ڕوناهی

-٤-

Scanned with CamScanner

## پاشکۆی ژمارە (2)

پێشنیارەکانی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان و ئافرەتان لەپەرلەمانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و کۆمەڵی مەدەنی کەناوەکانیان هاوپێچ کراوە

دەستوری هەرێم

ئێمەی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و کۆمەڵی مەدەنی لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان خەباتمان کردووە بۆ بەرەوپێشچوونی گۆڕنی ڕەوتی کۆمەڵ چەندین پڕۆژەی هاوبەش و پێشنیارمان هەبووە بۆ گۆڕینی دەقە یاساییەکان و چاکسازی تیایاندا هەر بەهەوڵی ڕێکخراوەکانی ژنان توانرا ئەو چاکسازیانە لەیاساکاندا بکرێت بۆیە ئێستاش پڕۆژەو داواکاری خۆمان ئەخەینە بەردەم لیژنەی نوسینەوەی دەستوری هەرێمی کوردستان بەهیوایین کەرەچاوی ئەم داخوازیانەمان بکرێت بۆ چەسپاندنی مافی گەلانی کوردستان و ڕەنگدانەوەی ئەو ئازادی و دیموکراتییانەی کەگەلی کورد لێی سوودمەند بووە لەم ماوەیەداو ئایندەی گەلانی کوردستان ئایندەیەکی گەش و مەدەنی و دیموکراتی و دوور لەوچەوساندنەوەو هەڵاواردن بێت و سەرجەم مافە مەدەنی و یاساییەکانی تیا پارێزراو بێت و یەکسانی تیادەستبەرکرابێت.

پێشنیارەکان:

١- لەکاتی نووسینەوەی دەستوری هەرێمدا ئاماژە بەوە بکرێت کەسەرجەم بڕگەو بەندەکانی دەستور هەردوو ڕەگەزی هاوڵاتی ئەگرێتەوە.
٢- لەدیباجەی دەستوردا ئاماژە بەکۆمەڵی مەدەنی و یەکسانی بکرێت.
٣- گەلانی کوردستان هەموویان لەمافدا یەکسانن، بەچاوپۆشین لەجیاوازی ڕەگەزییان، بیرو باوەڕو بۆچوون، نەتەوە، ئایین، مەزهەب، یان وابەستەیی سیاسی، یان کەم ئەندامی (جەستەیی و دەروونی)... هەموویان لەبەردەم یاساو دادوەریدا یەکسانن.
٤- یەکسانی نێوان ژن و پیاو مسۆگەر بکات لەناو یاساو لەبەرامبەر یاسادا.
٥- یەکسانی لەوەرگرتنی کرێدا بەرامبەر بەئەنجامدانی هەمان کار.
٦- پێویستی بەشداربوونی ژنان لەناوەندەکانی بڕیاردان و دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا بەڕێژەیەکی گونجاو لەگەڵ ئاماری ژنان لەکۆمەڵدا

-١-

Scanned with CamScanner

بەپێی ئەو ئامارانەی کەبەوردی ئەنجام دراون یان هیچ نەبێت لەڕێژەی (٣٥٪) کەمتر نەبێت.
٧- خوێندن بۆ هەردوو قۆناغی سەرەتایی ناوەندی ئەوزیمی بێت لەهەموو قۆناغەکانیشدا بەخۆرایی بێت.
٨- ئەو بیرو بۆچونە فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی و ئایینی و مەزهەبییانە قەدەغە بکرێت کەهانی توندو تیژی ئەدەن بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەو خۆ هانی هێنانە کایەی هەڵاوردنی ژن و پیاو دەدەن لەپرۆگرامەکانی خوێندندا.
٩- حکومەتی هەرێم بەردەوام هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەنجام بدات بەتایبەتی لەناو ژناندا، بەشێکی گونجاو لەبودجەی ساڵانەی هەرێم بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکات، پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و یەکسانی نێوان ژن و پیاو دابڕێژرێت.
١٠- میرات مافی پارێزراو بێت لەسەر یاسای بنەمای یەکسانی نێوان ژن و پیاو ڕێکبخرێت.
١١- پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەجاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤەوەو بەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەی تایبەت بەمافە مەدەنی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و ڕێککەوتننامەی تایبەت بەقەدەغەکردنی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی ژنان، ساڵی ١٩٨٢ و هەموو ئەو چاکسازییانەی کەلەساڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٠ تێدا کراوە (سیداو). لە کاتی بوونی ناکۆکی لە نێوان ئەو یاسایەو یاسای ناوخۆدا، یاسای نێودەوڵەتی جێبەجێبکرێت بە تایبەتیش لەو ماددانەدا کە پەیوەندییان بە ژنانەوە هەیە.
١٢- قەدەغەکردنی هەموو جۆر کۆیلایەتی و بازرگانی کردن بەژنان و منداڵان و ماددە بێهۆشکەرەکان و دەرکردنی یاسای تایبەت بۆیان.
١٣- کارکردن بەڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی منداڵان، هەموو منداڵێك مافی ئەوەی هەیە ڕێز لەسەلامەتی ئاکاری و جەستەیی و دەروونی و سێکسی بگیرێت.
١٤- مسۆگەرکردنی مافی هاوڵاتی لەسەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات و گەڕانەوەش بێ بوونی جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا.

-٢-

Scanned with CamScanner

## پاشکۆی ژمارە (3)

١٥- حکومەتی هەرێم کۆمەکردنی لاوان‌و منالان بکرێتە ئەستۆی خۆی، بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵدا تاکی سەربەخۆو ئازاد دەربچن.
١٦- بایەخدان بەرێکخراوەکانی تایبەت بەژنان‌و کۆمەڵی مەدەنی‌و وەرگرتنی یاسای تایبەت بۆ هاوکاری کردنیان.
١٧- چەسپاندنی ئەو چاکسازی‌و گۆڕانکاریانەی کەلەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەماوەی ئازادی خەڵکی کوردستاندا کراوە، لەدەستورو یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
١٨- قەرەبوکردنەوەی ژنانی زیانلێکەوتو لەشۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کوردستان‌و ژنانی ئەنفال‌و شەهیدان‌و کیمیاباران.
١٩- دابین کردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کچانی قەیرە، ژنانی بێکار، ژنانی نەخۆش و بێوەو پەکەوتە.
٢٠- پاراستنی ماف دایکایەتی لەرووی یاسایی‌و بلشکردنی بواری کارکردن بۆ ژنان‌و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی (ضمان الاجتماعي) لەکاتی سکپڕی‌و منالبوندا، هەروەها دابینکردنی دایەنگەی منالان لەکاتی کارکردنی ژناندا.
٢١- یەکسانی کردنی مافەکانی ژنان لەرووی خاوەندارێتی‌و بازرگانی‌و مافی هەبێت ببێتە خاوەن داهاتی سەربەخۆی خۆی‌و مادەڵەی بچوەکات.

-٣-

Scanned with CamScanner

بسم الله الرحمن الرحيم

| | | |
|---|---|---|
| یەکێتی<br>زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان<br>مەکتەبی تەنفیزی | | اتحاد<br>علماء الدين الاسلامي في كوردستان<br>المكتب التنفيذي |
| ژمارە/ ٥٠ ح<br>بەروار/ ١٠ /٩/ ٢٠٠٨ | | العدد/ ٥٠ ح<br>التاريخ/ ١٠ /٩/ ٢٠٠٨ |

بۆ /ڕێزدار سەرۆکی پەرلەمان

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

ب/ ڕەدکردنەوە

بەناوی سەرجەم زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانەوە ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین کە پرۆژەی بریارێکمان کەوتە دەست لە بارەی فرەژنی‌یەوە(تعدد الزوجات).

بەداخەوە پرۆژەکە لە گەڵ ئاینی ئیسلام‌و بەرژەوەنی ولآت وئافرەتانی موسلمانی کوردا ناکونجێت وە نارەزاییکی زۆرمان بۆ هاتووە لە لایەن زانایان وموسلمانان‌و وخەتیبە بەرێزەکانەوە، بۆیە بەپێویستی دەزانین لە روانگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە پرۆژە بریارەکە ڕابگرن ڕەدی بکەنەوە کارێك نەکرێت ڕوبەروی کێشەیەکی وەها ببینەوە کە بەهەمومانەوە نەتوانین چارەسەری بکەین.

١-ئەو بریارە ڕاستەوخۆ دژ بە دەقی پیرۆزی قورئانە کە لەمادەی سێیەمی پرۆژکەدا هاتووە (لا يعمل بأي نص يتعارض مع أحكام هذا القران).

٢- مادەی یەکەم: دژە بەسەربەستی وئازادی مرۆڤ چونکە ئەو ئافرەتانەی کە دەخوازرێن بە تەواوی ئارەزوی خۆیەتی کە نابی ڕێگەی لێ بگرێت، هەروها ڕێگە گرتنە لە ئازادی.

٣- هەروەهارێژەیەکی زۆر کچان وپیاوان وژنانی کوردستان لە ماڵەوە ماوەنەتەوە وکەس ای‌یاننا‌پرسێتەوە ئەگەر ئەو ڕێگە دروستەیان لێ بگرێت کاردانەوەیی سیلبی لێ دەکەوێتەوە کە زیانی زیاتر دەبی لە قازانج.

٤- ڕێگا خۆش دەکات بۆ پەیوەندی ناپەسەند کە بەرچاوی ژنەکەی یان مێردەکەی پەیوەندی نادروست پەیدا ببێت و(خیانەتی زەوجی) بنەماکانی خێزانی دەڕوخێنت وەدیان ئاسەواری نارەوای لێ دەکەوێتەوە.

٥- ڕێگا گرتن وهەرەشەکردن بەپێی یاسا کە زیندانی سێ‌ساڵ بکرێت، دەبێتە هۆی زیاد بونی تەلاقدان چونکە ئەوەی بریاری‌دا ژن بهێنت یان مێرد بکابەپیاوێکی خاوەن خێزان بریارەکەی دەباتە سەر ئەگەر بەتەلاق دانی خێزانە پێشوەکەشی بێت.

٦-ئایەتە پیرۆزکەی قورئان مەرجی عەدالەتی داناوە، ئێمەش لە گەڵ ئەو ڕایە داین، بەڵام ڕێگە گرتن لە فرەژنی هاندانە بۆ گەلێ کاری تر.

Scanned with CamScanner

...لە یاسای ئەحوال شەخصیەدا لە لایەن زانایان‌و ... تر کە لە یاسای ئەحوال شەخصیەدا لە لایەن زانایان‌و...

٧- ئەو بریارە زۆر توندترە لە بریارەکانی تر کە لە یاسای ... نەکراوە. ... بۆیە پێویستە ئەو ڕێگایە وەهاو لآتیانەوە ڕەدگراوەتەوە یان هەر نەبی ... کە ڕێژەی کچان وژنان وبێوەژن زیاترن ...

٨- هەمو توێژینەوەکان سەلماندویانە کە ... موسلمانی کوردو عورف ونەریتی کۆمەڵا یەتی پەسەندیان لی نەگیرێت.

٩- دەستێك هەیە دەیەوێ حکومەت وپەرلەمان لە میللەتی موسلمانی کوردو عورف ونەریتی کۆمەڵا یەتی ... بە ئافرەتەوە ڕێگا لە ژنان بگرێت کە بۆ خۆیان بریاری لەباری گونجاو بۆ داهاتوی ژیانیان بدەن...

دور بخاتەوە وبەناوی مافی ئافرەتەوە ڕێگا لە ژنان بگرێت کە بۆ خۆیان بریاری لەباری گونجاو بۆ داهاتوی ژیانیان بدەن...

١٠- دەبوایە ماددیەکی یاسای پێشنیار بکرێت کە ڕێگا لە خیانەتی زەوجی وفەسادی کۆمەڵگا وبەزۆر بەشودان بگرێت نەك کۆسپی شەرعی بخرێتە ڕێگایان. ڕێگای چاو ای‌کەری بێگانە بکرێتە سەرچاوەی زۆربەی ... کە لەگەڵ ئاین ودابونەریتی کۆمەڵایەتیشماندا ناگونجێت، ... لە باری ئەخلاقی میللەتە کەیان.

بۆیە بە پێویستی دەزانین سیاستمەدارو یاسا ئاسانی ... بدەنەوە.

لەروانگەی بەرژەوەندی باڵای گەل‌و نەتەوەکەمان‌و ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە پرۆژەی بریار پشنیار بکەن.

لە گەڵ ڕێزماندا..

**مەکتەبی تەنفیزی**

**یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان**

وینەیەك بۆ/

- جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان/ لە گەڵ ڕێزماندا...
- وەزارەتی ئەوقاف‌وکاروباری ئاینی/ لە گەڵ ڕێزماندا...
- لیژنەکانی/ ئەوقاف/ مافە مرۆڤ/ مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان.
- لقەکانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان/ ...
- یەکێتیە پێشەیەکانی ئافرەتان وژنانی کوردستان/ (یەکێتی ...).
- بەرێز ئیمام وخەتیبەکان ئێشانە بە هەڵوێست وتارو داوا کاریەکانتان تکایە خۆتان ڕابگرن وهەڵوێست مەنوینن چاوەروانی وەڵامی سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و لایەنە پەیوەندارەکان دەکەین، لە داهاتودا ئاگادارتان دەکەینەوە. لە گەڵ ڕێزماندا......

ناونیشان – هەولێر – شەقامی شەست مەتری بەرامبەر خانووەکانی وزەیران/ت-٢٢٢٠٩٢٩-٢٢٢٥٧٩٢

Scanned with CamScanner

**ليستی سەرچاوەكان**

**يەكەم/ بەڵگەنامە بڵاوكراوەكان (پەرلەمان)**

1- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 1، 1992.

2- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 3، 1992.

3- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 5، 1996.

4- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 8، 1998.

5- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 11، 1992.

6- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆلەكان، بەرگی 12، 1994.

7- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 26، 2001.

8- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆلەكان، بەرگی 39، 2007.

9- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆلەكان، بەرگی ٤٠، 2007

10- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆلەكان، بەرگی ٤١، ٢٠٠٨.

11- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 42، 2008.

12- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 43، 2008.

13- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 46، 2008.

14- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆڵەكان، بەرگی 48، 2008.

15- ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان – عێراق، پرۆتۆكۆلەكان، بەرگی ٤٩، ٢٠٠٩.

16- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، (2011)، كار و چالاكی لیژنەكانی پەرلەمانی كوردستان، خولی دووەمی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان2005 – 2009، چ1، چاپخانەی شەهاب.

**دووەم/ بەڵگەنامە حكومییە بڵاونەكراوەكان**

17- بەڵگەنامەی ئاماری تاوانەكانی كوشتن و سووتان لە مانگی 1 و 2 و 3ی ساڵی 2008ی تایبەت بە وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس / جولانەوە و تاوان / تاوان، 2008/4/23.

18- بەڵگەنامەی لیژنەی بەدواداچوونی توند و تیژی دژی مێینە لەسەر دوایین ڕەوشی توند و تیژی لە كوردستان، ئەنجوومەنی وەزارەتی مافی مرۆڤ/ نووسینگەی وەزیر، 2008/5/11.

19- بەڵگەنامەی لیژنەی داكۆكیكردن لەمافی ئافرەتان لەپەرلەمانی كوردستان، 2005/7/5.

**سێیەم/ یاداشت و ڕاپۆرتەكان**

20- بەڵگەنامەی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلام كوردستان / مەكتەبی تەنفیزی، 2008/9/21.

21- پێشنیاری لیژنەی داكۆكیردن لە مافەكانی ژنان و ئافرەتان لە پەرلەمانی كوردستان و ڕێكخراوەكانی ژنان و ئافرەتان و كۆمەڵی مەدەنی، بێ ساڵی چاپ.

22- ڕاپۆرتی كەمپینی داكۆكی لە مافە یاسایی و مەدەنییەكانی ژنان، 2008/5/7.

**چوارەم/ دیدار و چاوپێكەوتن**

23- دیدار لەگەڵ شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا، 2021/6/7، هەولێر.

24- دیدار لەگەڵ فەوزیە عزەدین 2021/6/7، هەولێر.

25- دیدار لەگەڵ ڤیان سلێمان، 2021/8/22، هەولێر.

**پێنجەم/ نامە زانكۆییەكان**

26- سلێمان، ئەسكەندەر غەریب، (2015)، ڕۆڵی پەرلەمانی كوردستان لە چارەسەركردنی كێشەكانی كۆمەڵگەی كوردی، توێژینەوەیەكی كۆمەڵایەتی مەیدانییە لە هەرێمی كوردستان، ماستەر، كۆمەڵناسی، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**شەشەم/ كتێبەكان**

27- بهجت، شەرمین خدر (2019)، پێرستی ناوەڕۆكی پرۆتۆكۆڵەكان، چ1، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

28- جامباز، تاریق، (2007)، پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی كوردستانی – عێراق، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

29- جامباز و پیرداود، تاریق و نیعمەت عەبدوڵلا، (2008)، پەرلەمانتارانی خولی یەكەمی پەرلەمانی كوردستان / عێراق 1992 – 2005، چاپخانەی شەهاب.

30- ڕەشید، سەلاح، (2020)، شەڕی ناوخۆی كورد بۆچی سەریهەڵدا، چۆن گەشەیكرد، سەرئەنجام، چاپی یەكەم، ناوەندی ڕۆشبیری ئەدیبان، سلێمانی.

31- عەلائەددین، دلاوەر عەبدولعەزیز، (2013)، نیشتمان سازی و سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی كوردستان، چ1، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

32- قەرەداغی، مەهاباد، (2018)، ئافرەتیزم مێژووی تێكۆشان بۆ مافی یەكسانی لە باشووری كوردستان 1918 – 2018، چ2، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

33- كۆچێرا، كریس (2009)، كورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، و:حەمە كەریم عارف، چاپی پێنجەم.

34- گەرمیانی ، تابان، (2015)، دەستكەوتەكانی ژنانی باشووری كوردستان لەنێوان ساڵانی 1992 – 2014، چ1، چاپخانەی كارو.

**حەوتەم/ ڕۆژنامەكان**

35- ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە 43210، 2001/5/17.

36- ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە 248، 1992/1/26.

37- ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە 745، 1994/7/31.

38- ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە 780، 1994/9/9.

Abstract

This research is a historical research on the role and influence of women parliamentarians on the decisions and bills of the Kurdistan Parliament, particularly the economic and social aspects of the first two rounds of 1999-2005 and the second round of 2005- In the 2009 parliamentary election, because the experience of parliament was a new experience in Kurdistan, and it is important for us to evaluate the role of women in this new experience and to know to what extent they participated in this new process.

In this research, we have had many discussions, opinions, comments and bills for women parliamentarians, and we have had our own observations and analysis for each session and bill. What is noticed on some important issues is that women parliamentarians have played a major role and influence and have entered the debate stubbornly, but in some cases women parliamentarians have not participated in the discussions and have chosen to remain silent. All of these participations, discussions and bills in both rounds of parliamentary elections, Then they had an impact on decisions and laws and reflected in society.

Keywords: woman, parliament, parliamentor, economy, social.